مـــژووی گریـــان بـ مـــژووی گریان!.. سەدیق سەعید ـواندزی

بـگومان هیچ مرـۆڤـك نـیـیه به جـرـك له جـرەکان و بـ ساتـك له ژیانیـدا، بـه هـی ـووداو و کارەسـاتـکی دـتەزـنـەوه نەگریـابـت. گریان، بەشـکه له سروشتی سایکـلـۆژی و بایـلـۆژییانەی هەموو مرـۆڤـك و مرـۆڤیش بوونەوەرـکی کـمەـایەتـییه و پـکهاتەیەکه له هەست و سـز و ئاوەز و ماکەکان، بـیه زـر ئاسایه بگری، ئەگەرچی له کـمەلگەی ئـمەدا، گریانی پیاو وەك جـرـك له شووەی کـمەـایەتی دەبینرـت. گریان هەر تەنها خـی کردنەوەی کەف و کوـکی ناخی نـیـیه، بەـکـو ـەنگـدانەوەی ئـەو پەیوەنـدییه ـوحـی و کەسـی و دەرونیەیه، که مرـۆق هەیەتی و له بەریەککەوتن دابووه له گەـ ـووداوـك یان کارەساتـك. دیارە لـرەدا مەبەستمان ئەو گریانه نـیـیه، که به هـی دـخـشی و سەرکەوتنەوه دەبینرـت و ـوودەدات، چونکه به بـوای من، هەموو ـەهەند و دەلالەتەکانی گریان، لەو کەشه غەمگینییه دایه که مرـۆق تـی دەکەوـت و هەرگیزاو هەرگیز، گریانی سەرکەوتن و خـشی، بەراورد ناکرـت به گریانی دـتەنگی و هەبوونی خەمـکی گەورە و قووـ. گریان له کەیەوه دروست بووه؟ یەکەم مرـۆق کـ بووه گریاوه؟ ئەمانه ئەو پرسیارە ئەنتـلـۆژیانەن، که ـەنگه تا ئـستاش بـ وەـام مـابنەوه. دیـاریکردنی مـژووـك بـ گریـان، ساغکردنەوەی مـژوویی و ئەنتـلـۆژی و بگرە سروـتیشی دەـت، چونکه گریان وابەستەی هەر یەك لەو ـووانەی ژیانه. کتـبی (مـژووی گریان)، کتـبـکه له بارەی دیاردەی سروشتییانەی گریان و پەیوەندی مرـۆق به گریان و هەموو ئەو فاکتانەی دەبنه هـکاری دروستبوونی گریان لای مرـۆق. کتـبەکه، گەرچی لـکـینەوەیەکی درـژ و چـە، بەـام له ـوانگەی من وەك خوـنەرـك، لـکـینەوەیەکی تەواوکاری نـیـیه، بەلایەنی کەمەوه له بارەی مـژووی گریان. ناونیشانی کتـبەکه مـژووی گریانه، بـگومان هەموشمان دەزانین که مـژووی هەر ـووداو کارەسات و دیـاردەیەك، دەبـ لـه ـوانگەیەکـی زانسـتی و ئـەریکـلـۆژی، ساغبکرـتەوه. مـژوو، به تایبەتیش ئەگەر بمانەوـت له ـەهەندـکی زانستییەوه لـی بدوـین، دەبـ به ئەرگـمـنت، بەـگەکانی بخرـنه ـوو. لەو ـوانگەیەوه گەرچی ئەو کتـبه ناوی (مـژووی گریانه) بەـام نووسـەری کتـبەکـه، نەیتوانیـوه وەـامی ئـەو پرسیارە مـژوویـیه بداتەوه، که گریان کەی دروست بووه. تەنانەت خـی لەو پرسیارە دەدزـتەوه و به هەندـك بـچوونی سادە و نا بـواهـنەر، خـی لەو

بابەتە لادەدات. ئەو لە بارەی مژووی گریانەوە دەنووسێت:(یەکەمین مرۆڤ کە بووە گریاوە، یەکەمین هۆکار چی بووە بۆ گریان، وا باشە خۆمان نەخەینە نێو ئەم پرسیارە قووڵانەوە، ئەگەر خۆشمان تێخست، بە ئاسانی لێی دەرنایەین. لا 83) لێرەدا دەکرێ بپرسین، ئەگەر نووسەری کتێبەکە نەتوانێت مژووێك بۆ گریانی مرۆڤ دیاری بکات، کەواتا ناونانی کتێبەکەی بە مژووی گریان ، نووسەر ناخاتە ژێر پرسیاری خۆنەرانەوە؟ مژووی گریان وەك ئەوەی لە ناونیشانەکە هاتووە، ئاخۆ بە مانای ئەوە نایەت، کە نووسەر سەرەتا مژووییەکانی گریان باس دەکات؟ کەی و چۆن و کێ یەکەم کەس بووە گریاوە؟ گریمان ئەگەر ئەو پرسیارانە، پرسیاری فیکری ئاماژە و بۆ وەڵام و مژووێکی دیاریکراو بن، کەواتا ناونانی کتێبەکە بە مژووی گریان، دەسپێکێکی هەڵەیە. بۆیە دەبوو ناونیشانی کتێبەکە، بە جۆرێکی دیکە بووایە. چونکە ناکرێت بانگەشەی مژووی گریان بکەیت و نەشتوانیت بە بەڵگەی مژووییەوە ئەو مژووە ساغبکەیتەوە و دەریبخەیت و تەنانەت خۆشت لە باسەکە بدزییەوە. ئەمە یەکەم ئیشکالییەتی بەرکەوتنی خۆنەرە بەو کتێبە. چونکە ئەو بەر بابەتێك دەکەوێت، کە هیچ سەرەداوێکی مژووییی تێدا نییە و هوانگەی نووسەری کتێبەکەش، وەك هوانگەی هەموو ئەوانیترە، کە نازانن گریان کەی سەریهەڵداوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، لە درێژەی باسەکەیدا دەربارەی مژووی گریان، نووسەر ئەو بۆچوونەی خۆی هێت دەکاتەوە و ئەمجارەیان گریان دەبەستێتەوە بە چەند دیاردەیەکی سرووشتی و مرۆیی و ئەنتۆلۆژی و مژووێکی بۆ دیاری دەکات، کە من بۆوام وایە ئەمیش خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی دیکەی نووسەری کتێبەکەیە.

نووسەر ئەمجارەیان دەنووسێت:(لە دەستدانی وێات و نیشتمان و هاوڕێ و تووڕەبوونی خواکان، یەکەم سەرچاوە بووە بۆ گریانی مرۆڤ و وروژاندنی هەستی گریان و فرمێسك ڕشتن. لا 193) ئەگەر لە پەراوێزی ئەو بۆچوونەوە بۆوانینە سەرەتاکانی دەرکەوتنی گریان، ئەوا نووسەر ئەمجارەیان مژووێك بۆ گریان بە تێگەیشتنی خۆی دیاری دەکات، بەڵام بێگومان دیسانەوە ئەو بۆچوونە و ئەو مژووە، بۆچوونێکی نالۆژیکی و نا مژووییە. ئەگەر یەکەم گریانی مرۆڤ بۆ هاوڕێ و لە دەستدانی خاك و نیشتمان بێت، ئەمە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە، کە ئایا مرۆڤ لە سەرەتادا هاوڕێ و نیشتمانی هەبووە؟ بە دەربڕینێکی تر، هەموو سەرچاوە ئەریکەلۆژیی و شوێنەواریی و مژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە مرۆڤ سەرەتا بە شێوەیەکی ساکار و بە تەنها لە ئەشکەوتەکاندا ژیاوە و ژیانی بە ڕاوکردن گوزەراندووە و پاشانیش ئاگری دۆزیوەتەوە و لە شاخاکانەوە هاتۆتە نێو دەشتەکان

و کشتوکاڵی کردووە. لە دەرەنجامی ئەو گردبوونەوە کۆمەڵایەتی و تەکەڵاوییە خێڵەکی و گشتییەوە، ئیدی زمان و ژیانی بە کۆمەڵ و پێداویستییەکانی دیکەی دژیوەتەوە و دەستەبەر کردووە. کەواتا مرۆڤ لە سەرەتادا نە هاوڕێ، نە نیشتمانی هەبووە، نە خوداشی ناسیوە. ئیدی نازانم نووسەری کتێبەکە بە پشت بەستن بە کام بەڵگەی زانستی و مێژوویی و ئەریکەڵۆژی، باس لەوە دەکات کە یەکەم جار مرۆڤ بۆ هاوڕێکانی گریاوە؟ بۆگومان ئەو بۆچوونەکە ناتوانرێت لە ڕووی مێژووی و فەلسەفی و بوونیشەوە، پشتی پێ ببەسترێت و بکرێتە سەرچاوە، بەڵکو هەر تەنها ڕایەکی کەسی و تایبەتی و قسەیەکی ئاسایی نووسەری کتێبەکەیە. مێژوو، ساغکردنەوە و خستنەڕووی بەڵگەی باوەڕپێکراوە. بە تایبەتیش مێژووێك کە پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤ، وەك بوونەورێکەوە هەبێت. بۆ نموونە: لە ئەشکەوتی نیاندرتاڵ یان شانەدرە، ئێسك و پرووسکی مرۆڤ دۆزراوەتەوە، کە مێژووەکەیان بۆ ملیۆنان ساڵ دەگەڕێتەوە و سەلمێندراویشە. بەیە هەر کەسێك لە ئێمە، دەتوانێ مێژووێکی زارەکی و بۆ ئەرگۆمێنت، بداتە پاڵ گریان، یان هەر داهێنراوێکی دیکەی مێژوویی و زانستی و ئەو بۆ چوونەی نووسەر، بەهایەکی زانستی و مەعریفی نییە. هەر لە درێژەی باسەکەیدا لە بارەی گریانەوە، نووسەر دەنووسێت:_(هیچ کەسێك و هیچ سەرچاوەیەك نییە بتوانێت، بە تەواویی دەست نیشانی ساتەکانی گریان لای مرۆڤێك بکات و ساتێك بۆ وروژاندنی هەستەکانی دابنێت. لا 53).

بە بۆای من، زۆر بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ،هەایەی نووسەرەوە، مرۆڤ زۆر بە ئاسانی دەتوانێت، هەستەکانی بوروژێنێت و تەنانەت بۆگەیەکی زۆر سەرەتایش، هەستی بەرامبەرەکەشی بوروژێنێت. زەحمەتییەکی زۆری ناوێت، تا مرۆڤێك بگرێت و هەستەکانی بوروژێت. مەگەر مرۆڤ، کە دیمەنێکی تراژیدی دەبینێت، فرمێسك نارژێت؟ کە گوێبیستی هەواڵێکی دڵتەزێن، کە پەیوەندی بە ڕووداوێکی تراژیدییەوە هەیە دەبێت، زۆر بە ئاسانی ناگری و ناوروژێت؟ ساتە ناخۆشەکانی مرۆڤ، بە تایبەتیش لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێمەدا، ئەوەندە زۆرن و ئەوەندە کارەسات و ڕووداوی تراژیدی هەن ڕوویانداوە و بە ئێستاشەوە ڕووەدەن، کە زۆر بە سانایی مرۆڤ دەگرینن و کاری لێ دەکەن. کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەك، دەدرێتە دایکی، چەند بە خۆرایی و بە زوویی دەوروژێت و شین و لاوانەوە دەکات. بەیە ئەوە نییە نەتوانیین دەست نیشانی سەرچاوەی هەستەکانی مرۆڤ و گریان بکەین. تەنانەت ئەگەر هەواڵێکی ناخۆش بە هەڵە و تەنها بۆ گاڵتەش بێت، بە بەرامبەرەکەتی بگەیەنی، دەوروژێت و دەکەوێتە پەشۆکان و دوودڵییەوە. بە پێچەوانەوە مرۆڤ سرووشتێکی کۆمەڵایەتییانەی هەندە

سەیر و ئازی هەیە، کە تەنانەت بە یەک قسە و کەمنت و گاتە پکردنک، ئەتمسفیری تووەیی دەفرت و کورد گوتەنی د و دشاو تکە دەکات. وروژاندنی هەستەکانی مرۆقی بەرامبەرمان، بە دیوکی خشی یان ناخشی بت، ئاسانترین کارکە ئەگەر مەبستمان بت، بیکەین. بیە ئەوە نییە کەس نەتوانت بەرامبەرەکەی بوروژنت، وەک ئەوەی نووسەری کتبەکە نووسیویەتی. دواجار دەلم ئەم کتبە گەرچی گەلک باسی لە بارەی گریانەوە تدایە، بەام گەلک لە بابەتەکانیش، بە خونەر مایەی گومان و پرسیارکردنن، کە لە کتبەکەدا بە وەامن.

_____

▪ پەراوز: مژووی گریان، نووسینی: سەاح حەسەن پاەوان، بەاوکراوەی: وەشانخانەی مادیار _ کوردستانی ژهەات_2020.

*ئەم بابەتە لە ژنامەی هەولر ژمارە (3479) ژی 8/6/2021بەاوکراوەتەوە.

خوندنەوەیەک بە کتبی (مەیادە، کیژەکەی عراق) یان سەربوردەی ژنە زیندانییەکانی ناو دەزگای ئەمنی بەغدا

هیوا ناسیح

کتبی (مەیادە کچەکەی عراق، ژنک ئەشکەنجەی زیندانەکەی دەگتەوە). ئەم کتبە کە نزیکەی ٤٠٠ لاپەەی قەبارە مامناوەندە، بە زمانی ئینگلیزی سای ٢٠٠٣ دوای روخانی رژم لە نیویک چاپ و باو دەبتەوە. بریتییە لە گانەوەی چیرکی راستینە و سەربوردەی کەمەک ژن و کچی زیندانیکراوی سەردەمی بەعس لە نو دەزگای بەدناوی ئەمنی بەلەدییە لە بەغدا لە سای 1999دا.

خانمەرۆژنامەنوسی ناسراوی ئەمریکی (جین سەسۆن) دایشتۆتەوە و بۆاویکردۆتەوە، ئەمەش بە رۆککەوتن لەگەۆ مەیادە عەسکەری، خاوەنی گۆرانەوە و رووداوەکان. یەکەم چاپی ئەۆمانی هەمان ساۆ کە لەلایەن چوارکەسەوە وەرگۆراوە لە ئەۆمانیا بۆاوکراوەتەوە, تا ساڵی ۲۰۰۸ چاپی پۆنجەمی لەۆ بۆاوکراوەتەوە، من ئەمەیانم خوۆندۆتەوە.
ئەم خانمە ۆۆژنامەنوسە ناسراوەۆ کە نزیکەی ۱۲ ساۆ لە سعودییە ژیاوە، بۆیە باش شارەزای ژیان و گوەزران و نەریت و بەهاکانی عەرەبی و ئیسلامییە، هاوینی ساڵی ۲۰۰۸ سەروەختی حوکمی سەددام و گەمارۆی ئابوری بە هۆی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نۆودەوۆەتی لەسەر عۆراق بە هۆی بوونی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی، کە سەددام نکۆڵی لۆدەکرد، ئەم بۆ کاری راگەیاندن وەک رۆژنامەنوسۆک سەردانی بەغدا دەکات و لەوۆ مەیادە دەناسۆت و دەبۆت بە وەرگۆڕی ناوبراو. دوای چەند هەفتەیەک کارەکەی تەواو دەبۆت و دەگەۆتەوە ئەمریکا. بەۆام پەیوەندییەکی زۆر توند و رۆحی لە نۆوانیان دروست دەبۆت و بە نامە و تەلەفون بەردەوام دەبۆت. مەیادە ماوەیەک ون دەبۆت و دوای دەرکەوتنەوەی کە لەزیندان بووە، دەگاتە لای دایکی لە عەممان و لەوۆوە بەش بەش چیرۆکی زیندانیکردنی و رەوشی قۆزەونی ناو زیندانەکەی بۆ جین دەنۆرۆت، تا لەۆ ئەنجامدا ئەم کتۆبەی لۆ بەرهەم دۆت.
مەیادە، کە ناوی تەواوی (مەیادە نزار جەعفەر عەسکەریی)ە، واتە کوەزای جەعفەر عەسکەرییە، کە لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوودا یەک لە کەسایەتییە سیاسی و سەربازییە کاریگەرەکانی عۆراق بووە، ماوەیەک وەزیری بەرگری و دووجاریش سەرۆکوەزیرانی عۆراق بووە. ۆنوری سەعید کە دەکاتە خاڵی باوکی مەیادە ساڵانێکی درۆژ سەرۆکوەزیرانی عۆراق بووە، چونکە جەعفەر عەسکەریی زاوای نوری سەعیدی بووە،. لە دایکیشەوە مەیادە هەر لە خۆزانێکی بەناوبانگی بەغدایە، دایکی ناوبراو ناوی سەلوایە کچی (ساتع الحوسری)یە کە بە دامەزرۆنەر و باوکی بیری نەتەوەیی عەرەبی دادەنرۆت و نوسەر و ئەکادیمییەکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە، ئەم یەکەم جار لە مۆژووی عۆراقدا وەزارەتی پەروەردەی دروستکردوە و قۆناغەکانی خوۆندنی عۆراقی بە پرۆگرام و شۆوازی ئەکادیمی رۆکخستوە، چونکە شارەزای ئەو بواڕە بووە، کە لەوسەردەمەدا ئەو پسپۆرییە زۆر دەگمەن بووە. ماوەیەکیش خۆی وەزیر بووە. خۆزانی مەیادە بەم هۆیەوە یەکۆک بووە لە خانەوادە ناودار و بەدەستەۆات و دەوۆەمەندەکانی عۆراق. باوکی لە بەهاری تەمەنیدا بە سەرەتان کۆچی دوایی دەکات، دایکیشی کە پەیوەندییەکی زۆر باشی بە دەستەۆتدارانی بەغدا و عەرەب و هەندۆک دیپلۆماسییە بیانییەکانیشەوە هەبووەۆ لە

عومانی بایتەختی ئوردون ژیاوە.

مەیادە لە ئەوروپا خوێندویەتی و بوانامەی زانکۆی هێناوە و ئینگلیزییەکی زۆر باشی زانیوە، لە گەنجیدا دەست دەکات بە کاری ڕۆژنامەنوسی و یەکێک دەبێت لە ڕۆژنامەنوسە بەتواناکانی سەردەمی خۆی لە سەرەتای هەشتاکاندا و بەم هۆیەوە سەددام دوو جار خەڵاتی دەکات (وێنەکانی ناوبراو لەگەڵ سەددامدا لە کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە). دواتر لە مەردەکەی جیادەبێتەوە، ئەم کە دوو منالی هەیە، کە ناویان عەلی و فایە. ئیتر چاپخانەیەک لە بەغدا دەکاتەوە و چەند کەسێک کاری تێدا دەکەن و خۆی بەڕێوەی دەبات. لەوێدا کاری چاپکردنی مەلزەمە و پێستەڕ و لەبەرگرتنەوە دەکات. ڕۆژێکی ئاسایی دەچێتە سەر کار و لە پڕ دوو کارمەندی ئەمنی بەعسی دێن و داوای لێدەکەن لەگەڵیان بچێت، ئیتر دەیبەن بۆ زیندانی بەلەدییات لە بەغدا، بەشی ٥٢ کە تەرخانە بۆ ژنە زیندانییەکان. ئەو زیندانە یەکێک بووە لە بەدناوترین شووێنی ئەشکەنجەدان و ئازاری جەستەیی و دەروونی زیندانییانی سیاسی. ئیتر لێرەوە چیرۆکەکە دەست پێ دەکات.
مەیادە کە نازانێت لە سەر چی گیراوە لە بەشی ٥٢ی زیندانەکە لە گەڵ ١٧ کچ و ژنی تردا زیندانی دەکرێت، کە تەمەنییان لە نێوان بیستەکان و پەنجاکاندایە، ئەو ژنانە هەندێکیان چەندان مانگ و هی تریان چەندان ساڵە لە ژێر ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی و سەختدان. ئەو هەموو ناوبانگ و دەوڵەمەندی و ناسراوی و پەیوەندییە تایبەتییانەیان لە سەرەتادا هیچ دادی نادا و لە هەمان دێخی ئازاراوی و سەختی زیندانەکەدا وەک ئەوانی دی دەژی و کات بەسەر دەبات و ئەشکەنجەی توند و بێبەزییانەش دەدرێت. نەک هەر ئەمە ڕۆژانە گوێیان لە ئازار و هاوار و ناڵەی زیندانییەکان و ئەشکەنجەدانیان دەبێت. ئەو ژنە لە بەر تاریکی و سامناکی زیندانەکە لە کتێبەکەدا بە (ژنانی تارمایی) ناوی هاوزیندانییانی دەهێنێت، زۆربەیان لەسەر تاوانی بچوک، کە هیچ پەیوەندی بە سیاسەتیشەوە نییە، گومانییان لێ کراوە و بە سیاسیی تاوانبار کراون. ڕۆژانە بە بەرنامە بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان بانگ دەکرێن و دواتر لە هۆشکی تەواو بێهێزی و زەرجار بە بێهۆشی بە لەش و سەروچاوی خوێناوییەوە دەگەڕێنرێنەوە زیندانەکە. هەندێکیان کچی زۆر جوان و دڵگیرن و پێدەچێت تەنها بۆ ملکەچکردن و تێرکردنی ئارەزوو و رابواردنی بەڕێوبەرانی زیندان تاوانییان خرابێتە پاڵ و زیندانیکرابێتن. هەندێکیان لەسەر کەسوکاریان گیراون. مرۆڤ کە ئەو ئەشکەنجە و سوکایەتییانە دەبینێت، کە دەگاتە

ادەی لە مرۆڤ خستنی زیندانییان و شکاندنی شکۆ و کەرامەتیان، درک بە دڵنداییەتی بەعس و پاسەوانانی زیندان دەکات، کە چەندە دڕەق و بێبەزەیی و نامرۆڤ بوونە! دیارە سەرجەم دەستەواتە دیکتاتۆر و تاکڕە و پۆلیسییەکان هاوشێوەن لەمەدا.

مەیادەداشت (کاتی خۆی لە ڕمانێکدا خوێندومەتەوە، کە گوللەبوون لە ئەشکەنجەدانی بێبەزییانەی کەسێکی بتاوان، لەوە دڵتەزێن و بەئازارترە کە خودی خۆت ئەشکەنجە بدرێی، ئێستە تێگەیشتم ئەم وتەیە ڕاستە). لە نێو کچە زیندانییەکاندا یەکێکیان کە ناوی (سەمارا)یە، ژنێکی زۆر بوێنەیە لە ئیرادە و توانا و ملکەچنەبوون، سەرەڕای ئەو ئەشکەنجە زۆرانەی خۆی، کەچی وەک دەستەخوشکێک و پەرستیارێک بە سەرجەم ئەوانەی تردا ڕادەگات و تەداویان دەکات، دەیانشێلێت، بەدەوریاندا دێت و دێیان دەداتەوە. ئەم ژنانە کە لە چین و توێژی جیاجیای کۆمەڵگاوە هاتون، هەر یەکە و چیرۆکی خۆی هەیە، ڕۆژان و شەوانی تاریک و سامناک و درێژی زیندان بە دڵدانەوەی یەکتری و گۆڕانەوەی چیرۆک بۆ یەکتری بەسەر دەبەن، هەندێک لەمانە خوێندەواری بەرزن، هەیانە دایکی چەند منارە و هەشیانە بەخۆکەری دایکوباوکە پیرەکەیەتی. یەکێکیان دکتۆرە. باسی کچە کوردێک دەکات ناوی (سەفانە یان زەفانە) و تەمەنی بیست ساڵ بووە، باوکی لە جەنگی کوێت کوژراوە، لە زانکۆ خوێندویەتی و لە بانکێک کاری کردوە، لەسەر ئەوەی بە ئیمزای ئەمەوە پارە بە ناوی نەناسراوەوە وەرگیراوە دەسگیرکراوە و ئەشکەنجە دەدرێت، چونکە گومانی سیاسی بوونی کارەکە دەکەن.
مەیادە کاتێک زۆر بتاقەت و بێزار دەبێت و نازانێت چۆن ئەو هەموو کاتە بەتاڵەی زیندان پڕ بکاتەوە، بەراوردی دەکات بەو ڕۆژانەی زۆر سەرقاڵ و پر کار و بکات بوو دەڵێت (بیرمە پێشتر ئەوەندە سەرقاڵی ژیانم بووم، کە سەعاتەکانی ڕۆژ بەشی نەدەکردم، تا ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم، کەچی ئێستا لەم زیندانەدا ژیانم بەشی ئەوە ناکات، کە سەعاتەکانی ڕۆژانەی ئێرەی پێ پڕ بکەمەوە!). ئەو کەبەردەوام دەسی لای کێچ و کوێەکەیەتی، کە دەبێت ئێستا لای کێ بن و کێ سەرپەرشتییان بکات.
ئەم چونکە پێشینەیەکی ڕشەنبیری فراوانی هەیە، دەست دەکات بە گۆڕانەوەی مۆژوو بۆ هاوزیندانییەکانی، دامەزراندنی وڵاتی عێراق، تا مردنی شا فەیسەڵی یەکەم ١٩٣٣ لە سویسرا، ئینجا شای نوێ و تا ڕوخاندنی شا و دامەزراندنی کۆماریی ساڵی ١٩٥٨. چیرۆکی ژیانی خۆی و باوانی و بنەماڵەکەیان، هەروەها چیرۆکی نهێنییەکانی ماڵی سەدام و پەیوەندی خراپ و ناکۆکی نێوان سەدام و ساجیدەی ژنی و

هێنانەوەی ژن بەسەریدا لە لایەن سەدامی مردییەوە. کە بەوردی ئاگادارە و زانیاری هەبووە. هەروەها باسی فازێ بەناک دەکات، کە سەرکردەیەکی دەسەز و وریای بەعس بووە و پەیوەندییەکی توند و تۆی لەگەڵ ماڵی ئەماندا هەبووە، ئەو پیاوە دەگاتە سەرکی گشتی هەواڵگریی (ئیستخبارات)ی عێراق و یەک لە کەسە هەرە نزیک و دەسەزەکانی سەددام بووە، کەچی تەنها لەبەر ئەوەی ژمارە حسابییەکی بانکی لە سویسرا دەکاتەوە، دەیخەێنە زیندان و پاش سوکایەتی و ئەشکەنجەدانێکی زۆر دەیکوژن. وەک چۆن هیچ دەستەاتێکی ستەمکار وەفای بێ کەسە دەسەز و هەرە نزیکەکانی خۆشی نییە و رۆژێک لەناویان دەبات، کە کاری پێیان نەما! ئەمە لە نێو حزبە کوردییەکانیشدا هەیە.

لە باسی دێندەی سەددامدا دەڵێت، سەدام بە ئەنقەست دەرمانی پۆیستی نەخۆشیی کوشندەی نەدەنارد بێ نەخۆشخانەکان تا زۆرترین منا ببنە قوربانی و لە میدیای جیهانیدا وەک بەرئەنجامی ئابڵوقەی ئابووری سەر عێراق دەنگبداتەوە، هەر بە هەمان مەبەست کاروانی ئیزی تابوتی بەتاڵی رێکدەخست بەرەوگۆڕستان، گوایا منا ساوای مردون لەبەر نەبوونی شیر و دەرمان…هتد. پاشان دێتە سەر چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید، و دەڵێت عەلی کیمیاوی کەسێکی زۆر گۆل خۆبەشتزان و کەمزانیاری بوو بەناو نکۆی لە ژیانی منا ێتیی بە کولەمەرگی و هەژاری خۆی نەدەکرد.
پاش بەسەربردنی نزیکەی مانگێک ئینجا مەیادە تێدەگات، کە هەندێک بەیاننامەی دژ بە رژێم لە یەکێک لە خانەی چاپ و لەبەرگرتنەوانەی ئەو ناوچەیەی بەغدا چاپکراوە، کەچی بەعس دێت بێ ئەوەی بەگەی لە سەر هیچ یەکێکیان هەبێت سەرجەم خاوەنی ئەو خانەی چاپکردنانە دەسگیردەکات و ئەشکەنجە دەدات، ئەمیش یەکسەر لەو گومانلێکراوانە!

دوای نزیکەی مانگێک دایکی مەیادە، کە وەک وتمان کەسایەتییەکی ناسراو بووە و پەیوەندییەکی بەرفراوانی هەبووە، واسیتەی بێ دەکات و بە مەبەت و بەشوەی کاتیی ئازاد دەکرێت، ئیتر دوای ئەمە، مەیادە کەتەواو بێئومێد بووە لە ژیانی عێراق، بە یەکجاری لەگەڵ منا ەکانیدا بەرەو ئوردن دەچێت و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، وەک بەنیشی بە ژنە زیندانییەکان دابوو، هەوای ئەوان بگەیەنێت بە کەسوکارییان لە رێگەی ژمارە تەلەفونەکانییانەوە، کە هەندێکیانی لەبەرکردبوو، هەندێکیانیشی لەسەر دیوی ناوەوەی تەنورەکەی نوسیبوو! هەروەک پەیمانیشی پێیان دابوو سەرجەم چیرۆکەکانیان

بنوسەتەوە و بیگەیەنێتە دونیای دەرەوە، تا چیرۆکی ئازار و ئەشکەنجەی نامرۆقانە و بەبەزەییانەیان بۆ جیهان ئاشکرا بێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا، دەڤەت، کاتێک سەدان کڕچکەر لە گەراجی گەورەی بەغدا بووین بەرەو عەمان بچین، لە پێ عودەی بە خێی و پێنگێکەوە، کە بەزنجیرکەوە بە دەستییەوە بوو لە سەیارە دابەزی و بە نێوماندا گەڕا، جوێنی دەدات و تفی لێ دەکردین و دەیگوت: ئێوە ناپاکن، عێراقی خێشەویست بەجێدەێن و دەچن بێ دەرەوە!
وەک رەخنە و سەرنج، ناوبراو هەرچەندە بەعسی نەبووە، بەڵام رۆژنامەنوسێکی چالاکی دەزگای راگەیاندنی بەعس بووە. زۆریش سەرسامە بە بیروباوەر و فەلسەفەی فکریی ساتع ئەلحوسریی باپیری (باوکی دایکی)، لە کاتێکدا کە بیروباوەڕکانی ئەو هەندێکیان شڤێنین، بۆ نمونە باوەڕی وایە سەرجەم کەمەنەتەوەکانی نێو وڵاتانی عەرەبی لەنێو بۆتەقەی ئوممە عەرەبیدا بتوێنەوە بۆ خزمەتی عەرەب و عروبە، وەڵای وایە عەرەببوون شانازییە و دەبێت هەموو شتێکی بەقوربان بکرێت، تەنانەت یەک لە کتێبەکانی بە ناوی (العروبە اولا)ەوەیە! دەبوو مەیادە وەک کەسێک کە لە ئەوروپا خوێندوێتی، رەخنەی لەو بیرکردنەوانەی گرتبا. لەمانەش هەموو سەیرتر، پاش ئەو هەموو ئازاردان و سوکایەتییانەی پێی دەکرێت، تەنها رەخنە لە کاروکردەوەکانی سەددام و بەعس دەگرێت، بەڵام نابێتە ئەندام لە حزبێکی نەیاری سەددامدا یان دژی رژێم هیچ چالاکییەک ناکات، یان لای کەمی لەو کتێبەدا باس نەکراوە، کە کارێکی دژ بە رژێم کردبێت وەک خەبات دژ بە دیکتاتۆرییەت و سەرکوتکردن. دواتر چیرۆکی زۆربەی ژنەزیندانییەکان دەگێڕتەوە. لە بەدواداگەڕانیشم بۆ ئەم ژنە، زانیم کە ساڵی ٢٠٠٥ بە شێرپەنجە کۆچی دوایی کردوە.
تێبینی: باسکردن لە زەبروزەنگی بەعس ئەوەندەی گەردیلەیەک لە ستەم و بێدادی و زۆرداری دەستەڵاتی کوردی کەمناکاتەوە.

سەرچاوە: MAYADA; Tochter des Iraks, Eine Frau berichtet von den Schrecken ihrer Folterhaft, Weltbid, 5. Auflage 2008, ISBN 978-3-89897-832-3

کتێبی/ شیعر شارای شیعری شاعری کەوتنە خوارەوەی گەردون.. سەلاح جەلال عەبدوڵا

ژیاننامە
سەلاح جەلال عبدالله رەحیم
یەکەم
موالیدی 1963 سلێمانی شارباژێڕ. لەدایك بونی دەگەڵتەوە بۆ ڕۆژی کەوتنە خوارەوەی(عبدالسلام عارف) لە تەیارە هەروەك هەمیشە دایکی جەختی لەسەرکردۆتەوە.
خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی بووە.
زانستی ئیسلامی لەمزگەوت و تەکیەکاندا خوێندووە.
دەرچوی ئامادەیی ئاینی ئیسلامیە/ لە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی لە شاری هەولێر ساڵی 2009 – 2010
دەرچوی زانکۆی عراقییە لە بەغداد/ کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان/ بەشی ئاینەکان و مەزهەبەکان و دایەلێژی شارستانی لە ساڵی/2011-2012 لە ساڵی 2014- 2015 –تەواوی کردووە.
بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە بەپلەی زۆر باشە لە هەمان بەش بۆ سالی 2018=2021.
ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردستانە.
ئەندامی یەکێتی گشتی ئەدیبان و نوسەرانی عێراقە .
ئەندامی یانەی ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە.
ئەندامی یانەی ڕۆژنامەنوسانی عێراقە.
ئەندامی یانەی هونەرمەندانی عێراقە.

دووەم
لە ساڵی 1983 دەستی بە نوسین کردووە.
لە ساڵی 1989 یەکەم دیوانی شیعری بەناونیشانی (ئیشککر)پێشکەش کردوە بەبەڵوەبەرێتی ڕۆشنبیری کورد لەبەغداد. لەلایەن پسپۆڕەکانی ڕژێمی عێراقەوە لە چاپدانی قەدەغە کراوە.
لە هەمان ساڵدا(کفن پێش و کەونی) بڵاوکردۆتەوە بە 130 دڵ قرتاندنەوە.
زۆر دیوانی شیعری و ڕۆمان و دەقی ترو لێکۆڵینەوە وتاری بڵاوکردۆتەوە بە هەردو زمانی عەرەبی و کوردی.
ئەو بەرهەمانەی بە زمانی عەرەبی بڵاوبونەتەوە:

سێیەم
1-(سقوگ الکون) دیوان شعری 2000 .
2-(سدره الحسین) دیوان شعری 2012 .

• چوارەم
ئەو بەرهەمانەی بەزمانی کوردی بڵاوی کردونەتەوە.
1- کەوتنە خوارەوەی گەردون/ شارای شیعریم/ کۆی بەرهەمەکانی 1989/2012 .

2. (ئێقیانوسی مەرگەسات) دەقی شانۆیی/2003.
3. (چیای ئاو) دەقی شانۆیی /2003.
4. (سیمیا لە شانۆدا) 2009 لێکۆڵینەوەی شانۆ.
5. (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڵا) ڕۆمان/1992-2012 بەرگی یەکەم.
6. ئاوێنەی بورکانی ژەنەڵا/ڕۆمان/بەرگی یەك و دو/چاپی یەکەم/2019 چاپی دووەم .2021
7- (موسیقای مەرگی ناوەختە) ڕومان/1997-2020
8- (نەفخ و وێنەی با)ڕۆمان 2020 چاپی یەکەم.
9- کۆجیتۆی جەلال تاهبانی/1/ 2018 بەرگی یەکەم
10-کچانی بەفر (لادۆن سیما)/ سیناریۆی فیلمی سینەمایی. چاپی یەکەم 2021
• پێنجەم
ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپن بەزمانی کوردی .
1-(ریشاڵی تیۆری ڕۆمانی کوردی).لێکۆڵینەوە.
2-کۆجیتۆی جەلال تاهبانی /2019بەرگی یەك و دووەم.
3-کەوتنە خوارەوەی گەردون/ شارای شیعریم/ کۆی بەرهەمەکانی تا ئێستا ئامادەی چاپە.
4- کرێکارانی مەعریفەو شۆشی سپی/ وتار
• شەشەم
ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپن بەزمانی عەرەبی .
7. (سور النور) دیوانی شعری .
2.لاشخصیه اللغه . مقالات ودراسات.
8. فنون قتالیه فی کردستان. مقالات
9. الشعریه تعنی الروٴیا التی لاتستقر. مقابلات.
10. صلاح جلال کهربه الڤات الشاعره/ مقالات ودراسات مکتوب علی دواوینه.

• حەوتەم
ئەو بەرهەمانەی لەزمانی عەرەبییەوە وەریگۆڕاونەتە سەر زمانی کوردی

ئامادەی چاپن :
1.سەرلەنوێ نوسینەوەی کوژاوەکان (تگریسات) مجموعه قصصیه للقاص والباحچ عباس عبدالجاسم. ئامادەی چاپە.
2.(احلام مبلله)دیوان شعری للشاعر(جابر محمد جابر). ئامادەی چاپە.

- هەشتەم

- لەساڵی 1996ەوە دەستی بەکاری ڕۆژنامە نوسی کردوە، یەکەم بەرهەمی لە ڕۆژنامەی . المۆتمر العراقی بوە.
- لەڕۆژنامەی الادیب الپقافیه له سالی 2003 تاێستا بەسیفەتی نێرەری ڕۆژنامەنوسی کاری کردوە دوایی بوە بە دەستەی نوسەران لە ڕۆژنامەکەدا .
- لە ڕۆژنامەی المۆتمر العراقی ماوەیەکی زەمەنی کاری کردوە.
  لە ڕۆژنامەی القاصد ماوەیەکی زەمەنی کاری کردوە
- بەرهەمەکانی بەهەردو زمانی کوردی وعەربی بڵاوکردۆتەوە .
- لە فیستیڤاڵەکاندا بەشداری کردوە لەوانە جەواهیری و مەربەد و هی تر.

[بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..]

کۆپی کردنی وێنەی شیعری و تایتڵی شیعر دزییەکی شاراوەی ئەدەبیە.. ئیدریس کەریم

یەکێك لە دڕکاوتە نەخوازراوەکانی بەناو شارسی تەکنەلۆجیا هاتنە کایەی کایەی ڕەشنبیری ساختەیە ، گرنگترینیان دیاردەی کۆپی کردنی هەموو ئاو بەرهەمە ئەدەبی و کەلتوریانەیە کە لەلایەن نوسەرانی لێکان یان جیهانی ئینوسرێت. لە نێو ئاو لیشاوی زانیاریەی کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتوەتەوە زۆر ئاستەم کە مرۆڤ بتوانێت گوبژێرە بکات لە نێوان ئەدەبی ڕاسەن و ئەدەبی ساختە. هەبێت لە نێو هەموو ئاو بەرهەمە ساختە ئەدەبی و کەلتوریانە دیاردەیەك لە جیهاندا سەری هەداوە کە ئاویش ئەدەبی دزراو یان ئەدەبی کۆپی

کراوە، ئەم دیاردەیە گەرچی تەنها تایبەت نیە بە سەردەمی مەدەرنە بەڵام لەگەڵ ئاسانبوونی دەستکەوتنی بەرهەمی ئەدەبی و زۆری و جۆرایەتی کەمایەتی و نەمانی سنورە کلاسیکیەکانی نێوان ئەدەبی نزم و باڵا و لە هەمووی گرنگتر نەمانی ئەو چاودێریە توندەی کە بتوانێ ئەدەبی دزراو لە ئەدەبی ڕەسەن جیاکاتەوە ، ئیتر ئاسانە بە هەر نیمچە نوسەرێک کە بە ئارەزووی خۆی سەدان دێڕی بەسەرو بەر یەزکات و وەک بەهاراتیش چەند دێڕی شاعیرێکی ناسراوی جیهانی یان لەکاتی تەکەڵە کات و بە ناوی شیعرو ڕەمان بەناوی بکاتەوە. کۆپی کردنی ئەدەبی یاخود پلەیجەریزم بە مانا ئینگلیزیەکەی ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر هەڕەشەیە بە ئەدەبی ڕەسەن و مەترسیەکی شاراوەشە بە بەفیڕۆچوونی تواناو بەهرەو ماندووبوونی هەموو ئەو نوسەر و ڕەشنفیکرانەی کە شەو ڕۆژو فرمێسک و ئەشکەنجەو ئازاری خەیان وەک مەم ئەتوێنەوە بە بەرهەمهێنانی تێکستی ڕەسەن. چەند بە ئازارە ببینی تێکستێکی نوسراو لە لایەن هاوکارێکی ئەدەبی پڵاماردراوە و هەموو هەناوی ئەو تێکستە وەک ئاسکێکی شڵەتاخ لە خوێن شیتانە شیتاکراوە و زەربەی زۆری یان بەشێک لە ئەرگانکانی دزراوە و لە تێکستێکی تری ساختەدا ئاوێتەکراوە و ناونراوە تێکستی شیعری.
دزینی ئەدەبی تەنها کۆپی کردنی تەواوی تێکستێک نیە، بەڵکو وەک نوسەران ئاماژەی پێدەدەن هەر کۆپی کردنێکی نایاسایی تایبەت و ستایە و وشەکاری و وێنەی شیعری، تەنانەت فەتەو فیگاری پاشکەو هاوپێچی تێکستێک بەشکە لە پرسەی دزینی ئەدەبی.نوسەری کۆپیکەر بە ئەوەی تاوانی دزینی نەخرێتە پاڵ پەویستە ریفرانس و سەرچاوەی وەرگیراو هەمیشە ئیشارەت پێبدات. لە کوردستان دیاردەی دزینی ئەدەبی بووتە دیاردەو دەیان کەلکە نوسەر و کۆپیکاری تێکستی ئەدەبی وەشانخانەو چاپخانەکانیان پێ کردوە لە تێکستی دزراو.
لەڕدا وەک ئاماژەیەک بۆ کەتوریی ئەدەبی دزراو چەند گوتەڕەک لە نێوان دوو نوسەری بناوکراوەی دەنگەکان دەکەم ، یەکێکیان بە ناوی ستیڤان شەمزینی و ئەوی تر بەناوی کاوە عوسمان . من لەڕدا کارم بەوە نیە ئەم دوو نوسەرە تاچەند تێکستەکانیان بەهای ئەدەبیی و هونەری هەیە، و کاری منیش نیە بچمە کایەی ڕەخنەی ئەدەبی قووڵ و بەراوردکاری بەرز و نزمی ئاست لە نێوان تێکستی ئەو دوو نوسەرە، ئەوەیان بە ڕەخنە گرانی تر جێدەهێم ، باشترە هەر نوسەرێک بواری ئەدەبی خۆی بناسێ و ڕەخنەی تێکستی ئەدەبی بە کەسانی شارەزاو پرۆفیشنال بجێبهێڵێت، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام وەرگرتن و کۆپیکردنێکی ئاشکرایە لە ستایەی شیعری و وێنای شیعری چەند تێکستێکی نوسەر کاوە عوسمان لە لایەن ستیڤان شەمزینیەوە.

من تەنها لێرەدا چەند نمونەیەک لە کەپی کردنی وەنەی شیعری و تایتڵ و تەنانەت وەنەی باکگراوندی تێکستەکانی کاوە عوسمان ئەدەم لە لایەن نوسەر ستیڤان شەمزینی و با خوێنەر خۆی بیاردەربە ، هەڵبەت من لێرەدا نامەوێت بچمە دایلۆگ و وەامدانەوەی بەسوود و بەمانا لەگەڵ هیچ کەس لەو دوو نوسەرە و کاریشم بەوە نیە ڕایان چی ئەبێت لەسەر ئەم نوسینە بەڵام ئەم نوسینە تەنها ئاماژەدانێکی خێرایە بە کارێکی کەپی کردنی تێکست لە لایەن نوسەر ستیڤان شەمزینی بە چەند تێکستی کەسانی تر.

تکامە خوێنەر بەرواردێک بکات لە نێوان تێکستێک بە ناوی (ژوانێک لە جەنگا) کە لە لایەن کاوە عوسمانەوە لە ڕۆژنامەی دەنگەکان لە

٢٠٢١/ ٧/١١

لینکی شیعرەکە لە ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی دەنگەکان

[ژوانێک لە جەنگا.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر – Dengekan
November 7, 2021
dengekan.info]

پڕۆسەی کەپی کردنی تایتڵ و وەنای شیعری تێکستەکە لە لایەن ستیڤان شەمزینی

یەکەم /

گەر خوێنەر سەرنج بدات هەمان تایتڵ و وەنای شیعری تێکستەکەی کاوە عوسمان لە لایەن ستیڤان شەمزینیەوە کەپی کراوە و بە شێوازێکی سەیر تێکستێکی تری دروستکردوە کە نیوەی تایتڵەکەی شیعری پێشوتری کاوە عوسمانەوە و نیوەی تری تایتڵەکەی بەشێکی تری تایتڵی تێکستێکی تری کاوە عوسمانە کە ستیڤان شەمزینی کردوینیەتە یەک تایتڵ لە یەک تێکستا! بە ئاوڕی هیچ ئیشارەتێک بدات بە تێکستی پێشووتر! ، واتە دوو تایتڵی شیعری کاوە عوسمان کراوە بە یەک تێکستی شیعری بە تێکڕا کردنی دوو تایتڵ و تەنانەت فیگور و وەنای باکگراوندی شیعری دوەمی کاوە عوسمان لە گەڵ تایتڵی شیعری یەکەم و بەشێکی تری تایتڵی شیعری دوەم کەپیکراوە لەلایەن ستیڤان شەمزینی!

ئەمش تەکستی ستیڤان شەمزینیە کە لەدەنگەکان بەاوکراوەتەوە بە چەند ڕۆژێکی کەم لە ١١. ١١. ٢٠٢١ دوای بەاوبونەوەی شیعرەکەی کاوە عوسمان تەنها بە بە چوار ڕۆژ !
گەر خوێنەر سەرنج بدات، ستیڤان شەمزینی هەمان نیوەی تایتڵی تەکستەکەی کاوە عومسانی ی بەکارهێناوەتەوە بە ئاماژە کردنێک بۆ وەرگرتنە.

[ڤێرژنی کۆتایی لە ڤێرژنەکانی دیکەی ستیڤان شەمزینی: ژوانێک تەنها لە باران.. شیعری ستیڤان شەمزینی – Dengekan]

ژوانێک تەنها لە باران.. شیعری: ستیڤان شەمزینی – Dengekan

دووەم/

تکامە خوێنەر جوان تەماشای وێنەکێش بکات و نیوەی تایتڵی شیعرەکەش سەرنج بدات تا بزانێ چۆن هەردوکیان لە تەکستەکی تری نوسەر کاوە عوسمان وەرگیراوە کە ساڵێ پێشتر هەر لە ڕۆژنامەی دەنگەکان بڵاوبوونەتەوە!

گەر خوێنەر سەرنج بدات هەمان وێنەی باکگراوند و هەمان تایتڵ بە ئایدیای باران بارین ئاشکراو ووڵە لەم تەکستە ئاسیەکەی کاوە عوسمان کە پێش ساڵێک بڵاوبوونەتەوە لە
٢٠٢٠/ ٢٣/٨
لە دەنگەکان !

لینکی تەکستەکە

[ڤێرژنی دووەم لە ژوانێک تەنها لە باران … کاوە عوسمان عومەر – Dengekan]

تێبینی . لەبەر نەبوونی کات و بوار بە ووردبینیەکی چڕتر بە بڕاوردکاری لە نێوان تەکستی ئەو دوو نوسەرە ، تەنها ئەو چەند تەکستەم مەبەست بوو تیشکی خەمە سەر، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام هەمان نوسەر ستیڤان شەمزینی لە تەکستی تریشا تایتڵو وێنای شیعری هەمان نوسەر کاوە عوسمانی کۆپی کردوە و بردوێتی و بە تایتڵی تر تەکستی نوسیوە ، بە نمونە ، نوسەر کاوە عوسمان دوو تەکستی بە ناوی وەرزێک لە نەفرەت و وەرزێک لە پەرادیسا لە دەنگەکان

بەاوکردوەتوە ، یەکەکیان ساڵێک لەمەو پێش و ئێوی تر لە مانگی مارسی ئەمساڵدا.

تێکستی یەکەم

وەرزێک لە نەفرەت لە ٢٩/٦ /٢٠٢٠ لە دەنگەکان بەاوبوەتوە.

لینکی تێکست
https://dengekan.info/archives/15993

تێکستی دوەم

وەرزێک لە پەرادیسا لە ٢١/٣ /٢٠٢١ لە دەنگەکان بەاوبوەتوە.

لینکی تێکستەکە
https://dengekan.info/archives/19243

گەر خوێنەر سەرنج بدات نوسەر ستیڤان شەمزینی جارێکی تر هەمان ئایدیای شیعری وەرزێک ، واتە تایتڵی شیعرەکەی کەپی کردوە و تێکستی تری لەبەرهەمناوە!پاش بەاو کردنەوەی هەردوو تێکستەکەی کاوە عوسمان.

تێکستەکەی ستیڤان شەمزینی بەناونیشانی وەرزە سوزکانی ئێوین لە ٧/٩ /٢٠٢١

لینکی تێکست

[redacted]

نوسینی- ئیدریس کەریم
هۆندا ، امستردام

Edrees.karim1983@yahoo.com

بووکی دەریا – ی کورد، قوربانیی نائومێدی.. بکر عویضة.. وەرگێڕانی: فازیل شەوێ

"بووکی دەریا"، وەک دەزانین، زادەی خەیاڵدانی فۆلکلۆری میللەتانە، داستان و ئەفسانەکانی میللی پێن لە سیمای ئەو "بووکە". لە فەرهەنگی ئینگلیزیشدا، پێی دەگوترێ(Mermaid) . لە، لە نێوان شەوی سەشەممە و سەحەری چوارشەممەدا، لە حەفتەی ڕابردوو، قەدەر، لە چاوەڕوانی "بووکی دەریا"یەک بوو، لە کەشتی ژیانکی حەقیقیدا، بەڵاستی، خوێن لە نێو دەمارەکانی ئەو بووکەدا گڤەی دەهات و گەشتی نەرم و ناسک ئەسقانەکانی داپۆشیبوو. خەونی ئەو قەدەرێ ئەوەبوو، ئەو بووکە بفڕێنێ و بیخاتە باوەشی دەستگیرانەکەی لە بەریتانیا. بە ئەو مرازە، بووک خێی دایە دەستی بەڵەمەک، کەسەوەڵەکانی لەدەستی بازرگانەکانی ڕەحمی مرۆڤن بوون. خەون و خەیاڵەک، بووکی لە ئامێز گرتبوو، کە لە کەنارێی ئینگلیزی(دەریای مانش) دەپەوەتەوە و دەگاتە کەناری ئاسوودەیی و ئامێزی خۆشەویستەکەی! بەڵام، ئاخ! قەدەر، پێشەوەخت قەڵەمی لە چارەنووسدابووە و مەرگ دەمەکە بوو، لەوە، لەچاوەڕوانی ئەو بووکەدا بوو، مەرگێک، کە حەقە، لە زەر بە نامرادی نەشکرا. بەڵام هەر ئەم (حەقە)شە کە پێ بە دەم هاواردەکا:(ولا تُلقوا بأيديكم في التهلكة). ئێستا، کە هەیە نەهێنیی عوزری قوربانییەکانی ئەو بەڵەمە نغرەبووە بزانێ، لە پێش هەموشیان هی ئەو "بووکە کوردە"؟ عوزری، مریەم نووری محەمەدی، (٢٤)بەهاری، کە یەکەم کەس بوو لە نێو قوربانییەکاندا ناسرایەوە؟

بەڵام، تەکەای عوزرەکان، دەکرێ لە یەک تاکە عوزوردا چەبکەینەوە، ئەویش تاریکستانی نائومێدییە، کە تێیدا هەموو چراکان خامۆشکراون، هەرچی پەیوەندیی و ئیحساسێ بە ژیان و بوون، وجوودیان نەماوە! ژیان لە (هیچ) بەوەلاوە شتەکی دیکە نییە.

جا لەژیکی ژیانی ڕۆژانەمان، پەمان دەڕێ، ئەم بڕیارە بڕدوام بوونی هەیە، نەک هەر بە ئەو کەسانەی، لە دەزگەدا ڕادەکەن بڕەو کەنارەکانی ئەوروپا کە گەیا بەهەشتێ و نەرگزجاێ و گولستان و

باخەکانی، گەزە و هەنگوێنت بەسەردا دەبارێنن، بەکو بە ئەو کەسانەی کە نغرۆش نەبووین و هیوایان لە ون بووە و بە سەدرەی سەران تروسکایەک بەناکی لەو سەری تونێلەکەدا بەدی ناکەن! ئەمەش بە تەکەای کەمەگایەکان هەر وایە، بە هەموو چین و توێژەکان، بە هەژار و دەوڵەمەندەوە، هەمووان یەکسانن، لە نەو گەرداوی نامرای و بەمەرازی و جیاوازیی چینایەتی و کەلتوور و پاشگەردانیدا. بەئومێدی، هێندە بە بەحمانە دەستدەنێتە بێنە قاقایان، تا نەیانخنکێنە دەست شل ناکا.

ئەو نائومێدییەی کە قوربانییەکان لەدەستی کارەساتەکانی بەڵەمی بازرگانانی مرۆڤ فرۆش دەکا، تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە: یەکەم: وەرانکاریی لە ئادەبەدەری، وەاتانی ئەو قوربانییانە. چەندە جگەی داخ، وەاتەکی وەکو عەراق، ئەو چارەنووسی بە! لە کاتێکدا، تا دوینێ لە هەرچوار ئیقلیمی دونیا بە نان پەیدا کردن هووپان تەدەکرد و بە ژیانی شەوفمەندانە ئەقرەتیان تەدا دەگرت و لە دیوەخانی گەرم و گوڕ پەشوازیان لەدەکراو، ژن و ژنخوازی تەدا دەکرا و لەگەڵ یەکتریدا دەبوونە دەست و ئاشنا. ئێستاش، بەوانن، چەن ئەو هەموو عەراقییە، لە نەو زوخم و سەهەبەندانی سنووریکانی ئەکرانیا و ڕوسیای سپی لە ژێر دەواری شەدا، لانەوازانە، دەتلێنەوە. ئەدی سوریا؟ ڕەنگ بە نەوە نوێ سەیری پێ بە، گەر بەین تا شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، عەرەبەکانی درواسە دەچوون لە دیمەشق کار و کاسبیان دەکرد، ئیمرۆ، وا پتر لە (١٠) ملیۆن سووری ئاوارە و دەربەدەری زەدی خەیانن یان پەناهەندەی وەاتانن. وەاتەکی وەکو لیبیا، کە سەرچاوەی عەیش و ڕزقی چەندان ملیۆن کریکاری میسری بوو لەسەردەمی عەقید موعەمەر قەزافیدا، ئێستا ئەوانیش پەرتەوازەی وەاتانی ئەوروپا بووین و وەاتەکیان بووەتە کاروانسەرای کۆچکەرانی ئەفریقیا. ڕاستە، لیبییەکان نەبوونەتە قوربانی بازرگانەکانی ڕەحمی مرۆڤ ، بەڵام بە درێژایی ئەو (١٠) ساڵەی شەوشەریش، ئەوانیش هیچ خیرو خێشییەکیان لە خەیان نەدیوە.

پرسیارەکە، ئەوە: هیچ چارەیەک بەدی دەکرێ؟ کۆڕەکە تا ئێستا هیچ ڕوون نییە. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە وەاتانی ئەوروپا لە نەو خەیاندا مشت و مەیانە چەن ڕووبەووی ئەو کارەساتە مرۆییانە ببنەوە، کە لەڕەی دەریای ناوەند یان لە ئەفریقیاوە کۆچ دەکەن. سەیرکە چەن. سەرەک وەزیرانی بەریتانیا ـــ بەیرس جۆنسۆن، سەرکەنەی سەرەکی فەرەنسی ـ مانوێل ماکرۆن دەکات و گلەیی لە یەکتری دەکەن،

گەیا پەیوەندیی نەوانیشیان خۆش، کە ئەیایەکی سیاسییە! بەگومان بە ئەوان بەرژەوەندیی خۆیان بە پلە یەکەم دە، بەڵام بووکە جوانەمەرکی کوردی، تەنیا قوربانییەکە لە بەڵەمەک کە نائومێدی لەسەر دەژێ. لە حیساباتی ئەو سیاسییانەدا تەنها (نائومێدییەک) بوونی هەیە کە ئەوان ئەسفی بە دەخۆن و بەس!

_____

• ئەم بابەتە لە نووسینی ئەژنامەوانی فەلەستینی (بکر عویضة) کە لە ژمارەی ١٥٧٠٩ی ئەژنامەی شرق الاوسط – چوارشەممە ١/١٢/٢٠٢١، بڵاوکراوەتەوە

عروس البحر الكردية ضحية يأس